


باربارا کۆستەر
وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

# قورئان
## لە ڕوانگەی بیرکارییەوە

لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، جیهانی ئیسلام ناسان وەرچەرخاوە. تازەپێگەیشتوویەک کە خۆی ناودەنێت کریستۆڤ لۆکسۆنبیرگ - ناوێک کە یادی جەسورانەیە لە گیۆرگ کریستۆڤ لیشتنبێرک و ڕوحی سەرکێشی ڕۆشنگەرییە - کتێبی بناغەی هەڵسەنگاندنی خستەڕوو لە سەر ئەو بنەمایەی کە چەند بەشێکی زۆری قوورئان مەسیحی بووە و لە بنچینەدا بە زمانی سریانی نووسراوون.

ئەگەر تا ئێستا ئیسلام ناسان لە هاوئاهەنگ کردنی لەگەڵ نەریت و پێشگریمانەکانی زانایانی ئیسلامی توێژینەوەکانی خۆیان بەرەو پێس دەبرد و بێگومان قوورئانیان بە گرنگترین دەق دەزانی بە زمانی عەرەبی، ئەمڕۆش، ئەگەرچی هێشتا زۆربەی توێژەرەوانی ئیسلام لە سەر هەمان باوەڕن، بەڵام لە مەودوا ناتوانن هەروا بە ئاسانی لەم ململانە نوێیە خۆ بدزنەوە.

بێگومان ئەو ململانێ بە ئازارە بۆ توێژەرەوانی ئیسلامی نەریتێکی کەم نابێت، چونکە یەکدەنگ ڕوانینێکی دیکە بۆ ئەم کۆمەڵەیە زیاد کراوە؛ ئەو ڕوانینە نوێیە بە تایبەت ئەو کەسانە دەکاتە بەردانگ کە لەگەڵ میتۆدەکانی توێژینەوەیی کلاسیکی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەک فەلسەفە و هێرمۆنەتیک، بە پارێزەوە بەر مەودا دەکەون و جەخت لە سەر پێوانە و ڕاستی ئەزموونی زانستی دەکەنەوە. بە کارهێنانی بیرکاری لە توێژینەوەی قوورئانیدا دیاردەیەکی نوێیە کە لەگەڵ ئیسلام ناسی و مێژووناسیش یەکیان گرتووەتەوە. جی.جی. واڵتەر، ئەندازیاری فەرەنسی، لە دایکبووی 1932، لە ساڵی 2013، بە دەستەواژەیەک لە تەمەنێکی نزیکەی گەورە، تێزێکی دکتۆرای خستەڕوو، پوختەیەکی لەو تێزە نووسی و بە زمانی ئینگلیزی لە بەرگی نوێ [بەرگی 8] زنجیرە کتێبەکانی گرووپی ئەنارە کە کۆمەڵێک لە توێژەرەوانی ئیسلامی بە میتۆدی مێژوویی - ڕەخنەگرانە لە خۆدەگرێت و کریستۆڤ لۆکسنبێرگیش پەیوەندی بەوەوە هەیە، بڵاوکردەوە. هەندێک لە ئەنجامگیرییەکانی کە لێرەدا بە بێ کەم و کوڕی دەیانلێمەوە، تەنانەت کەسانێک سەرسام دەکات کە پەیوەندیان بە ڕەخنەگرانی دوو زمانەی قوورئانەوە هەیە.

## (1)

واڵتەر سوودی لە میتۆدی (شیکارکردنی دراوەکانی دەق) [ئەی تی دی] وەرگرتووە کە سووپا و ڕێکخراوە هەواڵگیرییەکان سوودی لێوەردەگرن و تاقیکردنەوەی خۆیان لە شیکارکردنی دەقی کلاسیکی بە باشی خستۆتە دواوە. لە پووختەی دەقەکەدا، واڵتەر چەند ئاماژەیەک بە بنەماکانی بیرکاری ئەم میتۆدە دەکات، بەڵام جەخت لە ئەنجامی کارەکەی دەکاتەوە.

دەتوانێت بە هۆی ئەی تی دی، (شووناسی دەقێک) دیاری بکات. هەڵبەتە ئامرازەکانی وەکو (وشەناسی) کە بۆ پشکنینی ئیمێڵەکان بە کاردەهێنرێن تا پەیامە گومانلێکراوەکان لە فیلتەر بدەن، بۆ ئەم کارە بەس نییە. دەبێت بچێتە ناو لایەنەکانی تاک نووسراوەییەوە، واتا ژمارەی پیتەکان و پەیوەندی پیتەکان بە یەکدییەوە، ژمارەکان، ئاماژەکانی دانانی خاڵ و هەتا دوایی شیکار بکرێن.

بۆ نموونە دەقێکی مارسڵ پرۆست ڕستەکانی زۆر دوورودرێژە و ژمارەی خاڵەکان لە کۆتایی ڕستەیەکدا، لێرەدا لە هەر هەزار پیت، لە هەر نووسەرێکی دیکە زۆر کەمترە. ئەم ژمارەیەی کەم نووسەرەکان (شاهید)ێکە کە پرۆست نووسەری ئەم دێڕانە بووە. ئەگەر ئێمە چەندین نموونە لەو (شاهیدانە)مان هەبێت، لە باشترین دۆخدا سەدان نموونە، ئەو وەختە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە پەنجەمۆر [شووناس]ی ئەو دەقە چییە. واڵتەر دەڵێت پەنجەمۆری دەقێک وەک دەڵێن [DNA]ی ئەو دەقەیە. دەتوانین بە DNA تاکێک لە مرۆڤەکانی دیکە بناسینەوە (بێگومان بێجگە لە چەند دوانەکان) و بە پەنجەمۆریش دەتوانین نووسەری دەقێک دیاری بکەین. بەو هۆیەوە دەتوانین ڕوونی بکەینەوە کە لە وانەیە چەند نووسەرێک لە نووسینی دەقێک بەشداربوون. ئێستا بچینە لای قووڕئان.

بۆ باوەڕی موسوڵمانان کە قووڕئان بە کەلامی ڕاستەوخۆی خودا، و محەمەد بە ڕاگەیەنەری دەزانن، پسپۆڕان و ناپسپۆڕانێکی زۆر هەن کە نە قووڕئان بە کەلامی خودا دەزانن و نە محەمەد بە نووسەری. لە ڕوانگەی ئیسلام ناسی ڕەسمییەوە، محەمەد بناغەدارێژەری قووڕئان بووە و ڕەخنەگرانی ئیسلامیش دەیکەنە ناونیشانی پێش گریمانەی ڕەخنەی خۆیان. ئەوە کە محەمەد قووڕئانی هێناوە هێشتا جێ کۆدەنگی ئیسلام ناسی ڕەسمییە و بۆ ڕەخنەگرانی ئیسلامیش دەبێتە پێشگریمانەیەکی [ڕەخنە]. تەنانەت لەم بوارەشدا شایانی وێناکردن نییە کە بێجگە لە محەمەد کەسێکی دیکە لە نووسینی قووڕئاندا بەشدار بووبێت.

واڵتەر ئەو ناوکی فکرییەی ئیسلام وەک پێشگریمانە وەردەگرێت و بەو باوەڕە دەگات کە بە ڕاستی تاقی بکاتەوە. واڵتەر سەرەتا 28 بابەتی جۆراوجۆر لە قووڕئان دەستنیشان دەکات کە هەڵبەتە بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو و نارێک لە قووڕئاندا لێیان دەکۆڵێتەوە. بە گشتی بابەتەکان لە قووڕئاندا بە جۆرێکی نارێک و تێکچڕژاو دەخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە: ئایدیالێک، یان بابەت لە سورەتێکدا دەستپێ دەکات، پاشان خراوەتە لاوە و لە بابەتێکی

**بۆ باوەڕی موسوڵمانان کە قووڕئان بە کەلامی ڕاستەوخۆی خودا، و محەمەد بە ڕاگەیەنەری دەزانن، پسپۆڕان و ناپسپۆڕانێکی زۆر هەن کە نە قووڕئان بە کەلامی خودا دەزانن و نە محەمەد بە نووسەری**

دیکە دەکۆڵرێتەوە. واڵتەر هەموو ئەو بواری بابەتییانە بە سەر ستوونی جیا جیادا دابەش دەکات بە جۆرێک کە لە کۆتاییدا 28 مۆدێلی بابەتیی دەمێننەوە کە دەبێت لێیان بکۆڵرێتەوە.

لەودیوی ئەمە گریمانەیەکە کە هەر مۆدیلێک [بابەتی]، نووسەرەکانی جیان. واڵتەر بۆ شیکارکردنی ئەو مۆدێلانە، ئەلگۆ ڕیتم بە کاردەهێنێت کە بیرکاری زانان خۆیان بۆ ئەم کارە بەرنامەڕێژییان کردووە.

لە 28 مۆدێل، 21 بابەتی ئەو شێوازە تایبەتییەی هەیە کە هەر کامێکیان بە گریمانەیی 99.99% لە لایەن نووسەرێکی دیکەوە نووسراوە کە لە نووسەرانی دیکەی قوورئان جیاوازن.

نووسەرانی 5 مۆدێل لەم 28ە، بە گریمانەیی 99.93% لە نووسەرانی دیکەی قوورئان جیاوازە. واتا دەتوانین لە 26 مۆدێل لە ناو ئەم 28 مۆدیل [بابەتی]، پەنجەمۆرێک دەستنیشان بکرێت. هەڵبەتە ناتوانین ئەنجامگیری بکەین کە قورئان، 26 نووسەری هەبووە. بە ئامرازێکی بیرکاری بە ناوی (دووری - Distance)، هاوشێوەیی مۆدێلەکان دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. دوای ئەم هەنگاوە، واتا دۆزینەوەی هاوشێوەییەکان، 19 مۆدێلی بابەتی سەربەخۆ لە یەکتری دەمێننەوە.

هەڵبەتە ئەم توانایەی هاوبوون کە لێرەدا چەندین نووسەر دەربارەی هەمان بابەت نووسیبێتیان و پەنجەمۆری دۆزراوە پەنجەمۆرێکی (پێکهاتەیی) بێت. دەستنیشان کردنی هەر ئایەتێک و نووسەرەکەی ئەستەمە، چونکە بۆ ناسینەوەی پەنجەمۆر پێویستمان بە ژمارەیەکی دیاری کراوی ئایەت، واتا لانیکەم 10 ئایەتە. واڵتەر بەم ئەنجامە دەگات کە 9 دانە لە 9 مۆدێل هەر کامێکیان نووسەرێکی هەیە، بەڵام 10 دانەی ماوە لە لایەن چەندین نووسەر، واتا بە شێوەی گرووپی، نووسراوون. تێکڕا بە پێی ژمێریاری واڵتەر لە نووسینی قوورئان لانیکەم 30 کەس و لانی زۆر 100 کەس، بەڵام لە گریمانەترین شێوەی 50 نووسەر، بەشدار بوون. بەم شێوەیە، ئەو ڕوانگەیەی کە قوورئان لە لایەن یەک کەسەوە نووسراوە، متمانەی خۆی لە دەست دەدات.

## (2)

واڵتەر لە هەنگاوی دووەمدا لە مەودای زەمەنی دەکۆڵێتەوە کە قوورئان تێیدا فۆڕمی گرتووە. واڵتەر وەک خاڵی دەسپێک، سەرنج لە بنەمایەک و پێشگریمانەیەکی ئیسلامی دەدات. بە پێی باوەڕی موسوڵمانان، قوورئان (کۆن)ە، واتا نەئەفرێنراوە، بەڵکو هەمیشە بوونی هەبووە.

تیۆری کۆن بوونی قوورئان یەکەمین جار لە سنووری ساڵی 750ی زایینی فۆڕمی گرت و لە سەردمی حکوومەتی هاروونە ڕەشید بووە دۆگمایەک [بنەمای نەگۆڕ] و لە سنووری ساڵی 800ی زایینی، کۆدەنگی موسڵمانانی لە سەر درووست بوو. نەیارانی ئەم دۆگمایە، موعتەزیلە بوون کە بۆ ماوەیەکی کەم لە ناوەڕاستی سەدەی 9ی زایینی دەسەڵاتداران پشتگیریان دەکردن و توانییان ڕای خۆیان جیگیربکەن، بەڵام پاشان وەک

هەڵگەڕاوە ڕاوەدونراو و تاوانبار و تائەمڕۆ هەر کەسێک کە لەم دۆگمایە واتا (کۆن بوونی قووڕئان) سنوور ببەزێنێت، وەک هەڵگەڕاوە دەناسێنرێت.

بە پێی ئەو بنەما ئایینیە، قووڕئان (کەلامی خوا) یە. هەڵبەتە هێشتا ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەکراوە کە بۆچی خوا لە لانیکەم 315 ئایەت ناتوانێت گوتەبێژ بێت، چونکە خوا لەم ئایەتانەدا وەک کەسی سێیەم دەکرێتە بەردانگ. هەڵبەتە چارەسەرێک بۆ دەرچوون لەم گێژاوە پەیدابوو: لە بەرامبەر هەر یەک لە ئایەتەکان وشەی «قُل» [بڵێ] دانرا. بەم شێوەیە هەر ڕستەیەک دەربارەی خوا بۆ ڕستەیەک لە خوا گۆڕا.

تێزی واڵتەر دەڵێت ئەم 315 ئایەتە لە مەودای زەمەنی پێش ساڵی 750ی زایینی هاتوون و وشەی «قُل/بڵێ» ی بۆ زیاد کراوە، واتا کاتێک کە لە نێوان ساڵی 750 تا 800 ی زایینی بنەمای ئایینی (کۆن بوونی قووڕئان) بۆ پابەندییەکی ئایینی گۆڕابوو. سەرەڕای هێشتا 135 ئایەتی دیکە هەیە کە تێیاندا خوا ناتوانێت گوتەبێژ بێت، بەڵام وشەی «قُل» نەکەوتۆتە بەردەمیان. واڵتەر پێیوایە ئەو ئایەتانە ناتوانن پێش ساڵی 750 هاتبن، چونکە ئەو کاتە دەبوایە وەک 315 ئایەتەکانی دیکە بە «قُل» تەواو بکرابان. واڵتەر ئەم ئایەتانە سەر بە مەودای زەمەنی دەزانێت کە موعتەزیلە بەشێک بوو لە دەسەڵات، بە مانای سەردەمی نێوان 833 تا 847، واتا کاتێک کە تیۆری (کۆن بوونی قووڕئان) بۆ ماوەیەکی کەم قەدەغە بوو. پاشان، کاتێک بارودۆخ بە زیانی موعتەزیلە قلپ بووەوە، بێگومان دەبوایە دەسەڵات هەموو ئەو قووڕئانانەی لە ناو دەبرد کە لای خەڵک بوون و ئەو 135 ئایەتەی تێدابوو کە «قُل»ی تێدا نەبوو تا بەو هۆیەوە هەر جۆرە بەڵگەیەکی نیشاندەری زیادکراوەکانی داهاتوو لە ناوبەرێت لە قووڕئاندا، بەڵام بە هۆی پەلوپۆهاویشتنی بڵاوبوونەوەی نوسخەکان، ئەنجامدانی کارێکی وەها نەشیاو بوو.

واڵتەر ڕێک هەر ئەو 135 ئایەتەی لە مۆدێلێکی بابەتیدا دەستەبەندی دەکات و لە پەنجەمۆریان دەکۆڵێتەوە. بەو ئەنجامە دەگات کە ئەو مۆدێلە بە گریمانەیی 99.99% پەنجەمۆری تایبەتی خۆی لە سەرە. واڵتەر ئەنجامگیری دەکات ئەم ئایەتانە لە مەودای زەمەنی 847 – 833 زیاد کراوون، واتا کاتێک کە بنەمای (نوێ بوونی قووڕئان) باڵادەست بووە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم 135 ئایەتە بە جۆرێک دەیسەلمێنن کە قووڕئان نوێیە، تا ئەمڕۆ هەموو موسوڵمانێک کە باوەڕی بە تیۆری نوێبوونی قووڕئان هەبێت، بە هەڵگەڕاوە دەناسرێت. هەروەها، ئەم ئەنجامگیرییە قەدەغەیە کە قووڕئان بە هیچ جۆرێک لە سەردەمی ژیانی محەمەد دا نەهاتووە، بەڵکو دوای 200 ساڵ کۆتایی پێهاتووە.

## (3)

هەروەها پەنجەمۆرەکان ئەو ئامرازانەن کە بۆ ڕاستی ئەزموونی دابەشکردنی قووڕئان بۆ سورەتەکانی مەککیی و مەدینەییش بە کاردەهێنرێن. ئەم دابەشکردنە [سورەتەکانی مەککیی و مەدینەیی] بە بەراوردکردن بە

ژیانی محەمەد، بایۆگرافیا، ڕێک خراوە واتا محەمەد لە مەککە ئامۆژگەریکار بووە و لە مەدینە باڵادەستێک. هەموو ئەو سورەتانەی کە لانیکەم بریتی بێت لە ئایەتێک دەربارەی بابەتی یاسایی، کۆمەڵایەتی یان سیاسیی، ناویان ناون سورەتەکانی مەدینە. تیۆری ڕەسمی ئیسلامی لەو گریمانەیەوە دەستپێ دەکات کە هەموو سورەتەکای مەککی و مەدینەیی لە ڕونگەی بابەتییەوە لێکجیاوازن.

ئەم گریمانەیە کە بابەتی جیاواز لە قووڕئاندا، نووسەرانی جیاوازیشی هەیەن، بەردی بناغەیەک بوو کە بووە بنەمای کاری واڵتەر و بە هەمانشێوە کە لە سەرەوە باسیکرا، واڵتەر توانی بە هۆی توێژینەوەکانی پشتڕاستی بکاتەوە. کەوایە دەبێت دابەشکردنی قوورئان بۆ سوورەتەکانی مەککە و مەدینە، 19 مۆدێلی بابەتی کە واڵتەر دەستنیشانی کردووە، بە یەکەوە هاوئاهەنگ و تەبا بن. واتا ئەم 19 مۆدێلە دەبێت بتوانرێت بە تەواوی، یان لە سوورەتەکانی مەککە یان مەدینەدا بدۆزرێنەوە، بەڵام بە کردار وەها نییە، چونکە لەم 19 مۆدێلە بابەتییە تەنیا بەشێک لەو دابەشکردنە دەردەکەون [واتا ناتوانرێت خەتێکی سوور بە نێوان بابەتەکانی سورەتی مەککە و مەدینەدا، بکێشرێت. و.ف]. ئەمە ئێمە بەو ئەنجامگیرییە دەگەیەنێت کە دابەشکردنی قوورئان بۆ سوورەتەکانی مەککە و مەدینە هیچ بنەمایەکی واقیعی نییە.

سەرەڕای واڵتەر، لە جیاوازییەکانی شێوازی نووسینیش دەکۆڵێتەوە. کەی دەتوانی شێوازناسی بە هاوکاری تی دی بناسیتەوە؟ چەند هەزار تاک نووسین لە نووسینەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ بەسە تا گۆڕانی شێواز لە ماوەی دەیەیەکدا دەستنیشان بکات. سورەتەکانی مەدینە بە گشتی 230000 تاک نووسی عەرەبییان هەیە و سورەتەکانی مەککە 470000. ئەگەر ئێمە قۆناغێکی وەحی بە 10 ساڵ گریمانە بکەین (بە پێی نەریتی ئیسلامی محەمەد 12 ساڵ لە مەککە ژیاوە)، دەبێت لە ماوەی ئەو 10 ساڵە گۆڕانێکی شێوازیی لەم کۆمەڵەیە لە بەرژهوەندی زمانی ڕووی دابێت، بەڵام واڵتەر هیچ گۆڕانێکی شێوازی نووسین لە قوورئان نادۆزێتەوە. بەم شێوەیە سورەتەکانی وەک دەڵێن مەککە ناتوانن لە مەودایەکی زەمەنی ناوەڕاستی 10 ساڵە، پێشتر لە سورەتەکانی مەدینەدا نووسرابن.

جیاوازی نێوان سورەتەکانی مەککە و مەدینە کە بنەمای پرسیارهەڵنەگرە لە ئیسلام و ئیسلام ناسیدا، بە پێی توێژینەوەکەی واڵتەر بێ متمانەیە. ئەم جیاکردنەوەیە، دەستکرد و بێ مانایە. بە قسەیەکی دیکە، چیرۆکی کۆچکردن لە مەککەوە بۆ مەدینە [یەسریب] هیچ بنەمایەکی واقیعی نییە، ڕایەک کە توێژهرەوانی ئەنارەش، ئەگەرچی لە ڕێگەی دیکەوە، پێی گەیشتوون.

ئەوەی بۆ زیاد دەکەم: بەم شێوەیەش (ناسخ و مەنسوخ)، بنەمای خۆیان لە دەست دەدەن. بە پێی ئەم بنەمایە، ئایەتە تازەترەکان، متمانەی

ئایەتە کۆنترەکانی بەتاڵکردوەتەوە و واتا ئایاتی مەدینە کە دواتر هاتوون سەبارەت بە ئایاتی مەککە متمانەیان هەیە. هەڵبەتە ئەم، وەک چۆن کە لە سەرەوە هاتووە، ناتوانرێت درووست بێت، چونکە ئێمە هیچ (دیرۆکزانی-Chronology) مان لە سەرهەڵدانی ئایەتی قووڕئان نییە. لەم ڕووەوە، کاتێک زانایانی ئیسلامی بانگەشە دەکەن کە ئایەتێک لە لایەن ئایەتێکی دیکەوە متمانەی نامێنێت، دیارنییە لە سەر بنچینەی چ دیرۆکزانییەکی قووڕئان بەو ئەنجامە گەیشتوون.

**(4)**

واڵتەر ئەم ئایەتانە لە مۆدێلێکی بابەتیدا کۆدەکاتەوە کە ناوی محەمەد دێنن و لە سورەتەکانی 3 و 33 و 47 و 48 دا هاتووە. واژۆی ئەو مۆدێلە بە گریمانەیی 99.99% لە لایەن نووسەرێکەوە نووسراوە کە لە هەموو نووسەرانی قووئان جیاوازە.

ئەم ئایەتانە، ئەو ئایەتانەن کە پاشان بۆ قورئان زیادکراون، واتا ئەوکاتەی کە ناوی محەمەد [لە مێژوونووسی ئیسلامی]دا، بە ڕەسمی وەک دامەزرێنەری ئیسلام جێکەوت. لێرەدا چاوپۆشی لە هێنانەوەی شایەتی پارە و کەتیبەیی دەکەم کە واڵتەر بۆ تێزەکەی دەیخاتەڕوو. هەرچۆنێک بێت، ئەنجامەکە ئەوە دەبێت کە محەمەد کەسایەتییەکی درووستکراوە و ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی بە قووڕئانەوە نییە.

**(5)**

49 ئایەت لە قووڕئان بە 6202 تاک نووسەری کە لە مەسیح دەکۆڵنەوە، هەروەها مۆدێلێک پێکدەهێنن کە بە گریمانەیی 99.99% لە لایەن یەک، یان چەند نووسەرێکەوە نووسراوون کە لە نووسەرانی دیکەی قووڕئان جیاواز دەبن. لە پێوانە بە چوار ئایەت دەربارەی محەمەد، مەسیح ئامادەگی پڕڕەنگتری لە قووڕئاندا هەیە. هەڵبەتە دەبێت جەخت بکرێتەوە کە مەسیح لە قوووڕئاندا وەکو مەسیحییەتی سەرەتاییی سامییەکان تەنیا مرۆڤە و پەیوەندی بە سێیانەیی خواییەوە نییە، واتا دۆکترینێک کە لە ساڵی 325ی زاییینی لە کۆمەڵەی گشتی نیقیە پەسندکراوە، بابەتێکە کە قووڕئان بە جەختکردنەوەوە ڕەتی دەکاتەوە.

**(6)**

40 ئایەت بە 9002 تاک نووسی کە دەربارەی بەهەشت نووسراون بە گریمانەیی 99.99% لە یەک، یان چەند نووسەرێک دەبن کە لە نووسەرەکانی دیکە جیاوازن. ئەمە سەرسوڕهێنە کە ئەم ئایەتانە وەک خواردنەوەیەکی ئاسمانی ناوی شەڕاب دەهێنن. واڵتەر بەم جۆرە ڕوونی دەکاتەوە کە شەڕاب، سیمبولی پادشایی ئاسمانییە و تەنیا کەسانێک شەڕاب دەنۆشن کە لەو باوەڕەدان هەنوکەش پادشای ئاسمانی باڵادەستە، بە دەستەواژەیەک خواردنەوەی شەڕاب بەو مانایەیە کە مەسیح خوایە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە

لە سەر ئەم باوەڕەن، مەسیح تەنیا مرۆڤێکە و پەیامبەر بووە، شتێک کە مەسیحییە سامییەکان و پاشان موسوڵمانان باوەڕیان پێیەتی، خواردنەوەی شەڕاب لەم جیهانەدا قەدەغەیە. تەنیا لە ژێر فەرمانڕەوایەتی واقیعی خوادا لە ئاسمانەکان هەیە کە شەڕاب خواردنەوە ڕێگەپێدراوە، ئەویش بە زۆری.

زانایانی ئیسلامی، لەو پەیوەندییەی نێوان ئایینەکان ئاگادارنین. قەدەغەبوونی خواردنەوەی شەڕاب نموونەیەکە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە کە حوکمەکانی ئیسلام چۆن دانراون. هەڵبەتە لەم ناوەدا، تیۆلۆژی مەسیحی کە سەرخانی مێژوویان پێکدەهێنێت، بە ڕەفەکانی فەرامۆشی سپێردراون. بەم چەشنە ڕێساکان وردە وردە بۆ بنەمای وشکی نەگۆڕ [دۆگما] دەگۆڕێن و ناژیرانە بە کردەوە بە کار دەهێنرێن. کاتێک ئیسلام جەخت دەکاتەوە کە پێش ئیسلام (جاهیلییەت) باڵادەست بووە و هەر بەو هۆیەوە نابێت بە دوای ناسینی بکەوین، لە حەقیقەتدا ئەوە جاهیلیەتی ئیسلامە کە نایەوێت بە ناسینی ڕابردوی خۆمان، خۆشمان بناسین. هەڵبەتە ئێمە هەر ئەو دوورکەوتنەوەیە لە ناسین، ڕابرد و لە ئایینی دیکەشدا دەبینین، بۆ نموونە ئەژمارکردنی بابانۆێل و کەروێشکی جەژنی پاک وەک سیمبولی مەسیحییەت کە لە بنچینەدا پەیوەندییان بە مەسیحیەتەوە نییە.

**(7)**

مۆدێلی دیکە لە 35 ئایەت (10916 تاک نووسی) پێکهاتووە، کە دەربارەی ژنانە. ئەو ئایەتانە بە گریمانەیی 99.99% لە لایەن یەک، یان چەند نووسەرێکەوە نووسراون کە لە نووسەرەکانی دیکەی قوورئان جیاوازن. بە ئامرازی (مەودا) کە لێکچوونی نێوان پەنجەمۆرەکان هەڵدەسەنگێنێت، واڵتەر بەم ئەنجامە دەگات کە مۆدێلی ژنان، مەسیح و بەهەشت لە لایەن یەک نووسەرەوە نووسراون کە ئایینەکەی مەسیحییەتی ناسری، یان بە دیوێکدا یەکێک بووە لە لایەنگرانی مەسیحییەتی جوولەکە.

واڵتەر بەم ئەنجامە دەگات کە تێکڕای تیۆلۆژی قوورئان هەر لەو نووسەرە سەرچاوە دەگرێت کە لە قوورئاندا بە کۆپی پێست، شوێنی مەسیحییەتی ناسری کردووەتەوە. جێی بە بیرهێنانەوەیە کە توێژەرەوانی قووتابخانەی ڕەخنەیی - مێژوویی ئەناره، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لەم خاڵەیان دەڕوانی. گرووپی ئەناره ڕای وایە جیهانبینی (باوەڕدارانی کۆن) خاڵی دەسپێکی ئیسلامە کە مەسیحییەت پێش شورای نیقیە نوینەرایەتی دەکردن. ئەو تاقمە، باوەڕدارانی کۆن، هەروەها مەسیح تەنیا بە مرۆڤێک (مرۆڤی هەڵبژێردراو لە لایەن خواو/ پەیامبەر)یان دەزانی و بە خوایان نەدەزانی. لێرەدا دەرفەتی چوونەناو ئەو باسەمان نییە. کەسانێک کە پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە دەتوانن بۆ نووسینەکانی کارڵ هاینتش ئۆلیگ و مارکوس گروس لە بەرگی 8 بگەڕێنەوە.

**(8)**

واڵتەریش ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە منیش لە شوێنێکی دیکە خستمەڕوو، کە ئیسلام واتا قورئان، بایۆگرافیای محەمەد و فەرموودەکانی ببووە پرۆژەیی ئەندازەیی کە خەلیفەکانی عەبباسی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان ڕێکیان خستنەوە.

ئیسلام لە سەرەتادا ئایدۆلۆژییەکی سیاسی بوو، وەک ئایین خرایەڕوو. ئەم ناوەڕۆکە تا ئەمڕۆ هیچ نەگۆڕاوە.

**(9)**

واڵتەر خۆی ئامادە کردبوو کە بە هۆی بەرگریکردن لە تێزەکانی، ڕووبەڕووی بەرگری سەخت دەبێتەوە، بەڵام وانەبوو. بە پێچەوانەوە، تێزەکانی ڕووبەڕووی پێشوازییەکی گەورە بوونەوە. هۆکەی ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دوایی لە ئیسلام ناسیدا هێدی هێدی ڕەوتی نووسینێکی دیکە جێکەوتوو بوو کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری بە شەکانی پاڵ ئیسلام ناسیی و بە تایبەت تازە دەرکەوتوان لەم بوارەدا.

دەبێت مرۆڤ پەیتا پەیتا دەرفەتی بۆچوون بۆ خۆی برەخسێنێت کە قورئان دەقێکە لە مەودایەکی زەمەنی دوورودرێژ، لە لایەن نووسەرانێکی زۆرەوە نووسراوە.

هەروەها بایۆگرافیا کە ژیاننامەی محەمەد و بوونی مێژوویی محەمەد بە شێوەیەکی گشتی دەخاتەڕوو، دەکەوێتە بەردەم ئاماژەی پرسیارەوە.

واڵتەر لە مێژووناسی دی پریمار(Premare de)، ئەم ڕستەیە دەهێنێتەوە: (متمانەی هەر بایۆگرفییەک دەربارەی پەیامبەری ئیسلام لە ڕۆمانێک زیاتر نییە، هەڵبەتە بەم ئومێدەی کە ئەم ڕۆمانانە مێژوویی بن.)

واڵتەر دەنووسێت: (هەر بیرمەندێکی ئیسلامی ڕوونکەرەوەیەکی دیکەی ئەمڕۆیە، ناتوانێت داکۆکی لەم بابەتە بکات کە محەمەد بناغەدانەری ئیسلامە و قورئانی وەک کەلامی خوا ڕاگەیاندووە.

**سەرچاوە:**

http://www.iran-emrooz.net/index.php/think/more/71506/